# با بە هەموو هێزمانەوە بەپیر بانگەوازە مەزن و مێژووییەکەی (ITUC) و (ITF) وە بچین!

خەڵکی مرۆڤدۆست و ئازادیخواز

مەحموود ساڵحی و مەنسوور ئۆسانلوو لە پێشڕەوان و ڕابەرانی جەسووری چینی کرێکاری ئێرانن، کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین جار"بە تاوانی" پێکهێنانی ڕێکخراوەی کرێکاریی و بەشداریکردن لە مەراسمی ڕۆژی کرێکار و بیانووی تری لەم چەشنەوە، لەلایەن دەوڵەتی سەرمایەداریی ئێرانەوە ڕفێندراون و زیندانی و شکنجە کراوون.

مەحموود ساڵحی، لە بارودۆخێکی زۆر دژواری تەندرووستیدا، زیاتر لە 3 مانگە لە زیندانی شاری سنە ڕاگیراوە و سەرەڕای داکۆکی دکتۆر بۆ چارەسەری خێرای نەخۆشییەکەی، بواری ئەوەیان پێنەداوە بۆ چارەسەرییەکی ڕاستەقینە تاقە ڕۆژێکیش لە نەخۆشخانە بمێنێتەوە.

مەنسوور ئوسانلوو، سەرۆکی یەکیەتی کرێکارانی شۆفێرپاسەکانی تاران و هەرێمی پایتەخت (شیرکەتی واحد) ئەوا زیاتر لە مانگێکە بە ڕۆژی رووناک و بە بەرچاوی خەڵکەوە ڕفێندراوە و ڕاپێچی زیندانە سامناکەکەی ئەوین کراوە، بێ ئەوەی تەنانەت دادگایەکیش بڕیاری زیندانیکردنی دابێت.

کۆنفدراسیۆنی ناونەتەوەیی یەکیەتییە کرێکارییەکان (ITUC) و فدراسیۆنی ناونەتەوەیی کرێکارانی گواستنەوە (ITF) کە لە ئاستی جیهانییدا خاوەن دەیان ملیۆن ئەندامن، لە ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیاندا، ڕۆژی 9 ی ئاگۆستیان وەک ڕۆژی ناونەتەوەیی نارەزایەتی بە زیندانیکردنی مەحموود ساڵحی و مەنسوور ئۆسانلوو ڕاگەیاندوە، و داوایان لە ڕێکخراوە کرێکارییەکانی ئەندام کردووە، کە لەم ڕۆژەدا لە پێناو ئازادکردنی ئەم دوو ڕابەرە کرێکاریە، ئاکسیۆنگەلێکی هاوئاهەنگ لەبەردەم باڵوێزخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران وەرێ بخەن.

ئێمە، لێرەوە بە توندی دەستی هاوخەباتیی هاورێیانی سەرکردایەتی (ITUC) و (ITF) دەکوشین بۆ ئەم هەڵوێست و بانگەوازە بەرزە چینایەتییەیان، و بە بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاگەیاندنە و بە ئەنجامدانی ئاکسیۆنێک کە لە ڕۆژانی داهاتوودا لە وردەکاری کاتو و شوێنەکەی ئاگادارتان دەکەینەوە، پشتیوانی بێدرێخی خۆمان بۆ ئەم هەڵمەتە جیهانییە ڕادەگەیەنین.

بەو هیوایە کە لە 9 ی ئاگۆستدا بە یەکەوە بتوانین وەک پێویستە دەنگی دلێر و یەکسانیخوازانەی مەنسوور ئۆسانلوو و مەحموود ساڵحییەکان لە پشتی میلەکانی زیندانەوە بگەیەنینە گوێی مرۆڤایەتی و دوژمنانی مرۆڤایەتی.

**هەر شەکاوە بێت ئاڵای هاوپشتی جیهانیی کرێکاران، بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بێچین و چەوسانەوە!**

## کۆمیەتی دیفاع لە مەحموود ساڵحی – فینلەند

soran.zaki@hotmail.com 2007/7/27
TEL: 00358 (0) 440 604 778